# هەوڵەکانی پاشایانی ساسانی بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی (488-579)ز؛ توێژینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەییە

**کامران محمد جلال [١]، نوروز حمە علی [٢]، مژدە اكرم ابوبكر [٣]**

[١،٢،٣] بەشی مێژو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هەوڵەکانی پاشایانی ساسانی بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی٤٨٨-٥٧٩ز)ە، توێژینەوەیەکی ڕەخنەییە لە بارەی هەوڵەکانی قوباد (٤٨٨-٥٣١ز) و خەسرەو ئەنوشیروان (٥٣١-٥٧٩ز) پاشایانی ساسانی، یەکێکە لە سەردەمە زۆر گرنگەکانی مێژوی سیاسی و شارستانیی ساسانی، لەبەرئەوەی ڕوداوەکانی تاڕادەیەک زانیاریی لە بارەوە بەردەستن، ئەگەر چی زیاتر لەسەردەمانێکی دواترەوە لە لایەن مێژونوسانی سەردەمی ئیسلامییەوە نوسراوەتەوە، بەڵام پێدەچێت سودیان لەسەرچاوەکانی ساسانی بینیبێت. لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی زاییندا، دەوڵەتی ساسانی ڕوبەڕوی چەندین قەیرانی ئابوری و سیاسی وسەربازی بووەوە، ئەوەش بو بە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی شاهانە هەبێت، کە لەسەر بنەمای ناوەندێتی بنیاد نرابو، بەرەو لاوازی بەرێت، ئەمەش وایکرد خانەدانە گەورەکانی وڵات، جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەت، کە خۆی لە سوپا و گەنجینەی دەوڵەتدا دەبینییەوە، بگرنە دەست، ئەوەش وایکرد بۆ ماوەیەک دەوڵەت بەڕێوەبەرن، لەبەرانبەردا پاشایانی ساسانی هەوڵیاندەدا ئەو هەژمونە بۆخۆیان بگێڕنەوە، بەوپێیەی ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی فەرمانڕەوایین. لەبەر ئەوەی مێژونوسە مسوڵمانەکان پشتیان بە سەرچاوە ساسانییەکان بەستووە، ئەو سەرچاوانەش لە ژێر کاریگەریی ئایینی زەردەشتی نوسراون، بۆیە لە بارەی هەندێک بابەتی وەک مەسەلەی پاڵپشتیکردنی ئایینی مەزدەکی لەلایەن قوبادەوە بە کاری دەرچون لە ئایین و پشێوی لەقەڵەم بدرێت. چاکسازییەکانی دوای ئەو لەلایەن خەسرەو ئەنوشیروان، کە زیندوکەرەوەی بنەما ئایینی و کۆمەڵاتییەکانی دەوڵەتی ساسانی بو، پێدەچێت پێیاهەڵدانی بۆ ئەم پاشا و بە پشێوی ناوبردنی گروپی مەزدەکی، هۆکار بوبێت بۆ ئەوەی لە گۆشەنیگای ئایینییەوە سەیرکری خەسرەو بکرێت و وەک دادگەرێک پێشانبدرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕەخنەئامێز شیکردنەوە بکات. لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەگەینە ئەوەی کە ئامانجی تری چاکسازییەکانی ئەم پاشایانە بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بووە، لەپاڵ ئەوەوە سودی بۆ گشتیش هەبوە کە ئەوەش هەر بە سودی ئەو دەستەڵاتە گەڕاوەتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** قوباد، خەسرەو ئەنوشیروان، دەوڵەتی ساسانی، دەسەڵاتی ناوەندی، دادپەروەری.

## ١. پێشەکی

دەوڵەتی ساسانی (٢٢٤-٦٥١ز) بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە؛ لەسەرەتادا ئەردەشێر کوڕی پابکان (٢٢٤-٢٤١ز) دوای لەناوبردنی ئەردەوانی پێنجەم (٢١٣-٢٢٤ز) دواهەمین پاشای ئەشکانی و ڕوخاندنی شانشینەکەی، دەوڵەتێکی ناوەندی لە بەڕێوەبردندا بنیاتناو ئایینی زەردەشتیی وەک ئایینی فەرمی دیاریکرد، بەڵام شکۆ و هێزی ئەو دەوڵەتە تا کۆتایی بەیەک ئاراستە بە ڕێوەنەچووە، بەڵکو هەندێکجار بەهۆی جەنگ و تێکچونی باری ئابوری و سەربازی، یان بەهۆی هاتنە سەرتەختی پاشای لاواز، دەسەڵاتی ناوەندی شاهانە لاواز بووە، ڕوبەڕوی دەستێوەردانی خانەدانەکان و بنەماڵە گەورەکان و پیاوانی ئایینی زەردەشتییەوە بووەتەوە.

سەردەمی قوبادی یەکەم (٤٨٨-٤٩٣ و ٤٩٨-٥٣١ز) چەندین گۆڕانکاریی گەورە و کاریگەر لە لایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئایینی ڕویاندا، پاشا هەوڵیدا دەسەڵاتی ناوەندیی شاهانە لە بەرانبەر هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بکات، بەڵام فریای هەموی نەکەوت و بەشێکی بۆ خەسرەوی یەکەمی کوڕی جێهێشت. دواتر خەسرەو ئەنوشیروان دەستیکرد بە چاکسازی لە تێکڕای بوارەکانی دارایی، سوپایی، کارگێڕی و...، سەردەمی ئەم پاشایە بە قۆناغێکی گرنگی مێژوی دەوڵەتی ساسانی دادەنرێت؛ لەلایەکەوە بەهۆی گرنگیی ووداوەکان، لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی زیادبونی زانیاریی مێژوویی سەبارەت بەو قۆناغە، چونکە قۆناغێکی نزیکە لەسەردەمی ئیسلامی و مێژونوسانی مسوڵمان گرنگیی زۆریان بە مێژوی ئەو دەوڵەتە داوە، سودیان لە لایەنە

ئیمەیڵی توێژەران: Kameran.jalal@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ کامران محمد جلال مجید، نوروز حمە علی، مژدە اكرم ابوبكر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢١ تەمموز ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٥ ئاب ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ تموز ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp389-396

جۆراوجۆرەكانی دەوڵەتی ساسانی وەرگرتووە، بەتایبەت لە ڕوی چۆنیەتیی نوسینەوەی مێژو.

هەرچەندە چەند سەرچاوەیەک لەسەر چاكسازییەكانی خەسرەو هەیە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لەبارەی مەبەستەكانی پشت ئەو چاكسازییانەوە بدوێت، ئایا مەبەستی چاكسازییەكانی دادپەروەری بووە؟ وەك (تەبەری، دینەوەری، بەلعەمی والاصفهانی...) باسی دەكەن، یان بۆ بەهێزكردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی و گەڕانەوەی شكۆی دەرباری شاهانە بووە، كە لەسەدەی پێنجەمەوە لە ڕوی ئابوری و كۆمەڵایەتی و داراییەوە دارمابو. توێژینەوەكە هەوڵێكە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی، بۆچی ئەم بۆچونە لای مێژونوسانی موسڵمان گەڵاڵە بووە؟

كێشەی سەرەكیی توێژینەوەكە ڕوانینی بەشێك لە مێژونوسە موسڵمانەكانە، بەتایبەتی لە بابەتەكانی پەیوەست بە چاكسازی و ئەو گۆڕانكارییانەی پەیوەندییان بە دەسەڵاتی ئایینی و كۆمەڵایەتی و ئابوریی چینە باڵاكانەوە هەیە، بەو پێیەی بەشی زۆری سەرچاوەی زانیاریی موسڵمانەكان لە سەرچاوە ساسانییەكان وەرگیراوە، تێڕوانینی سەربەخۆیان نەبوە و هەمان ئەو زانیارییانەیان گواستۆتەوە بەبێ ئەوەی بۆ مەبەستی سەرەكیی بگەڕێنەوە و هەڵوەستە لەسەر زانیارییەكان بكەن، بۆ نمونە هەڵوێستی نەرمی یەزدگوردی یەكەم (٣٩٩-٤٢١ز)، بەرانبەر بە مەسیحییەكان، بە تاوان لێكدەدەنەوە و هەمان هەڵوێستی مێژونوسانی ساسانییان گواستۆتەوە، بەهەمان شێوە هەوڵەكانی قوباد بۆ بەهێزكردنەوەی دەسەڵاتی شاهانە لە ڕێگای چاكسازی و پاڵپشتیكردنی مەزدەكی بە لادان لە ئایین و دابونەریت تەنها لایەنی خراپ و چاكسازییەكانی خەسرەو ئەنەوشیروانیان بە دادپەروەر ناوبردووە و تەنها لایەنی ڕوكەشی كردارەكەیان دەرخستووە، هەر بۆ نمونە: (الأصفهاني، د.ت،. ١٨، ١٠٧؛ الدينوري، ١٩٧٠، ٥١، ٦٧؛ الطبري، ١٩٩٧، ٦٣، ٩٥، ٩٩).

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان و گەیشتن بە ئامانجی سەرەكیی بابەتەكە، میتۆدی زانستیی مێژویی و شیكاری ڕەخنەیی پەیڕەوكراوە، بە سودوەرگرتن لە زانیارییە مێژوییەكانی سەرچاوە ڕەسەنەكان و توێژینەوە نوێیەكان، وەک (كریستێنسێن، ٢٠٠٦؛ Frye, 19983).

توێژینەوەكە لە پوختە و پێشەكی و دەروازەیەک و دوو تەوەری سەرەكی و ئەنجام پێكهاتووە، لە دەروازەكەدا باسی پێشینەیەكی مێژویی بارودۆخی دەوڵەتی ساسانی كراوە، تەوەری یەكەم تیشک خراوەتە سەر بارودۆخی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسیی سەردەمی قوباد، لە هەوڵەكانی بۆ لاوازكردنی دەسەڵاتی خانەدانەكان، كە هاوكار دەبێت بۆ زانینی هۆكارەكانی پشت گۆڕانكارییەكانی خەسرەو ئەنەوشیروان. تەوەری دووەمیش چاكسازییەكانی ئەو پاشایانە لە بوارە جیاوازەكاندا خراوەتەڕو، هەروەها لەو تەوەرەیەدا هەوڵدراوە ئامانجی سەرەكیی ئەو چاكسازییە ڕون بكرێتەوە.

## ٢. دەروازە: بارودۆخی دەوڵەتی ساسانی (٤٤٠-٤٨٨ز)

لە دوای مردنی یەزدەگوردی دووەم (٤٣٨-٤٥٧ز)، كوڕێكی بەناوی هورمزی سێیەم بۆ ماوەی دوو ساڵ فرمانڕەوایی كردووە. فەیروزی برای بچوكی هورمز، لە خۆرهەڵاتەوە بە هاوكاریی هۆزی هەفتالییەكان هێرشی بردە سەر هورمز و دوای كوشتنی، خۆی چووە سەر تەخت، لەو كاتەدا (دینەک)ی دایكیان لە پایتەخت كاروباری وڵاتی بەڕێوە دەبرد (الطبري، ١٩٩٧، ٨٢/٢)، سەرچاوەكان باس لە پشتگیری و هاوكاریی خانەدانەكان دەكەن بۆ فەیروز تا بگاتە تەختی پاشایەتی (P'arpec'i', 1985, III/60؛ الدينوري، ١٩٧٠، ٥٦)، هەروەها ئاماژە بە سیاسەتی نەرمی ئەو پاشایە دەكەن بەرانبەر ئایین و نەتەوەكانی دیكەی ناو دەوڵەت، لەلایەكی دیكەوە بەدەستهێنانی پشتیوانیی موبەدی موبەدان (سەرۆكی پیاوانی ئایینی)، بەرانبەر گێڕانەوەی شكۆی ئایینی زەردەشتی (خنجی، ١٣٩٢ هـ. ش، ٨٨٩-٨٩٠). ئەمانەش بونە هۆی پێكگەیشتنی بەرژەوەندیی مەزن و پیاوانی ئایینی، چونكە پێدەچێت هورمز خواستێكی بەهێزی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی دەربار هەبوبێت.

لە دوای هاتنە سەر تەختی فەیروز (٤٥٧-٤٨٤ز) ڕۆژ دوای ڕۆژ پێگەی مەزن و خانەدانەكان بەهێزتر دەبو، شوێنی مۆر و نازناوەكانیان بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە، تەنانەت بەهێزبونیان گەیشتە ئەو ئاستەی كاروباری وڵات لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبرا (Daryaee, 2009, 21)، پێویستە ئەوەش بگوترێت لەم سەردەمە ناوچەكە ڕوبەڕوی وشكەساڵی بووەوە، سەرەڕای ئەوەی چەندین كێشەی سیاسی و ئابوری لە وڵاتدا دروست بون، گشت ئەمانە پاشای ناچاركرد هاوكاریی خەڵک بكات لە دابینكردنی دانەوێڵە و خۆراک، بەتایبەت هێرشی هەفتالییەكان[i] لە خۆرهەڵاتەوە بووە هۆی كێشەیەكی گەورەی سیاسی وسەربازی و دارایی، چونكە كاتێك فەیروز ویستی ڕوبەڕویان بێتەوە، زۆربەی سوپاكەی لەناوچوو، بەرانبەر ئازادكردنی خودی خۆشی، ناچاربو باجی ساڵانە بە هەفتالییەكان بدات و قەرەبوی شەڕەكەشیان بداتەوە، تەنانەت كوڕێكی خۆشی، وەک بارمتە، لە لایان دانا، بەو شێوەیە خەزینەی دەوڵەت بەرگەی ئەو بارە قورسەی نەگرت، بۆ ڕزگاربون لەو بارودۆخە لە ساڵی (٤٨٤ز) فەیروز هێرشی سەربازیی كردە سەر هەفتالییەكان و بە كوشتنی خۆی كۆتاییهات (Stylite, 1882, X/8; P'arpec'i', 1985, III/86, 87).

كوشتنی فەیروز، سەبارەت بە دۆخی سیاسی و كاردانەوەی چینە باڵاكان، ڕوداوێكی سادە نەبو، بەڵكو بووە قۆناغێكی نوێ لە دەستێوەردان لە كاروباری دەربار و زاڵبونیان بەسەر دەسەڵاتدا، كە دواتر زۆر ڕوداوی مێژویی و وەرچەرخانی گەورەی لێكەوتەوە. مەزن و بنەماڵە گەورەكان، لەوانەش سوخرا[ii] و شاپور لە بنەماڵەكانی كارین و میهران وەک دو جەمسەر دەركەوتن و بەتەواوەتی دەستیان بەسەر كاروباری دەوڵەتدا گرت (اليعقوبي، ١٩٩٩، ١٤٣)، ئەم دو كەسایەتییە سەركردەی سوپای ساسانی بون لە هەرێمەكانی جۆرجیا و ئەرمینیا، لە دوای كوژرانی پاشا، گەڕانەوە پایتەخت، ڤۆلگاش/ بلاشی (٤٨٤-٤٨٨ز) برای پاشای پێشویان كردە پاشا. سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن، هەرچەندە سوخرا تاجی لەسەر نەنابو، بەڵام پاشای ڕاستەقینە بووە (Stylite, XVII, P.12; Frye, 1983, 322).

تەنانەت دوای چەند مانگێک برایەكی تری بلاش بەناوی زارید یان زریدی برای فەیروز، هەوڵیدا كودەتایەك ئەنجام بدات، بەڵام بلاش بەهاوكاریی واهان ماميكۆنی فەرمانڕەوای ئەرمینیا، توانیی هەوڵەكانی پوچەڵ بكاتەوە و لەناوی برد (P'arpec'i', 1985, III/94; Frye, 1983, 149)، لەلایەكی ترەوە، بەهۆی ئاڵۆزیی سیاسی، هەفتالییەكان توانییان دەست بەسەر بەشێكی خاكی دەوڵەتی ساسانی لە خوراساندا بگرن و بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ نزیكەی نیو سەدە حوكمڕانیی ئەو ناوچانەیان كرد، كە لەو ماوەیەدا باجی ساڵانەیان وەردەگرت و دەستوەردانیان لە كاروباری ناوخۆیی دەكرد؛ ناكۆكییان دەخستە نێوان میراتگرانی تەختی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ناوبراو (Ghirshman, 1954, 301)، یەكێك لەسیما دیارەكانی هەژمونی دەستەڵات و ڕۆڵی دیاری خانەدانەكان بو لە دەوڵەتدا، ئەم خانەدانانە ناكۆكییان دەخستە نێوان میراتگرانی شاهانە، وەک چۆن توانییان ناكۆكی بخەنە نێوان كوڕەكانی فەیروز لەپێناو فراوانكردنی دەسەڵاتی خۆیان، ئەمەش پاڵنەرێك بو سەركردە سەربازییەكان، بۆ ڕاكێشانی سەرنجی خەڵك، هەوڵی ڕوبەڕوبونەوەی هەفتالییەكان بدەن، بەڵام دوای چوار ساڵ بۆیان

دەرکەوت، کە ڤۆلگاش ڕەچاوی بارودۆخی خەڵک دەکات، بۆیە ئەویشیان لەسەر تەخت لابرد و قوبادی کوڕی فەیروزیان (٤٨٨-٥٣١ز) کردە پاشا (Stylite, 1882, 13).

به پێی تەبەری، قوباد پەنای بۆ خاقانی پاشای تورک برد و داوای هاوکاری و پشتیوانیی لێکرد بۆ سەرخستنی بەسەر (بلاش)ی برایدا (١٩٩٧، ٢/٤١٧-٤١٨). بەپێی بۆچونی توێژەرێك، تەبەری ئەم بابەتەی لەگەڵ چونی بۆ لای هەفتالییەکان تێکەڵکردووە و بەهەڵەداچووە (بور شریعتی، ٢٠٢٠، ١٣٢)، پێدەچێت سوخرا هەڵسوڕێنەری ئەم ڕوداوانە بوبێت، چونکە مانەوەی پاشایەک بۆ ماوەیەکی زۆر دەبوە هۆی جێگیربون و بەهێزکردنی دەسەڵاتی، ئەوەش بۆ داهاتوی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی ئەوان مەترسیدار بو.

سەرەتای فەرمانڕەوایەتیی بلاش، بە سەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان بنەماڵەکان دادەنرێت؛ کاریگەریی حکومی بنەماڵە و خانەدانەکانی ئەشکانییەکان تاکۆ سەرەتاکانی ماوەی یەکەمی قوبادی یەکەم (٤٨٨-٤٩٨ز) بەردەوام بو (Payne, 2015, 288)، هەروەک سوخرا لەماوەی حوکمڕانیی بلاشدا دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی فەرمانڕەوایەتی بو، بەڵام بلاش وەک نوێنەرێکی جێبەجێکاری بنەماڵەی کارین کاری دەکرد (Nikolaus Schindel 2013,136-141،). لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی ململانێی سوخرا لە بنەماڵەی کارین و شاپور لە بنەماڵەی میهران، خانەدانانی ئەرمینیای هاوپەیمانی ساسانی، بارودۆخی لاوازیی دەوڵەتی ساسانییان بەهەلزانی و لەسەر دەستی (ڤاهانی مامیکونیان) سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، بلاش لە ڕوبەڕو بونەوەیان سەرکەوتو نەبو، بۆیە ناچاربو پەیمانیان لەگەڵ ببەستێ و کۆتایی بە ڕوبەڕوبونەوەیان بهێنێ. بەم شێوەیە ئەرمینیا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، شاپور میهران لەساڵی (٤٨٥ز) (ڤاهان مامیکۆنیان) وەک دەسەڵاتداری نوێی ئەرمینیا دانی پێدانرا (Frye, 1983, 149).

## ٣.هەوڵەکانی قوباد بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی

قوباد ماوەی چوار ساڵ وەک پەنابەر مایەوە (مسکویه، ٢٠٠٣، ١/١٢٣)، پێدەچێت لەو ماوەیەدا داوای یارمەتیی لە سوخرا کردبێ، بۆیە بە پلانی سوخرا و ناڕەزایی گەورە پیاوان و خانەدانەکان، بلاش لەسەر کار لادرا و قوبادی یەکەمی برای لەشوێنی دانرا (Frye, 1983, 149-150 ). دوبارە سوخرا لەماوەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتیی قوباد (٤٨٨-٤٩٣ز) بۆ ماوەی پێنج ساڵ سەرجەم دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتی قۆرخکرد، بەهەمان شێوەی سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی بلاش، ئەمەش بەهۆی ئەوەی قوباد لە تەمەنی گەنجیدا پایەی دەسەڵاتی وەرگرتبو، ئەزمونێکی سیاسی و کارگێڕیی ئەوتۆی دەوڵەتداریی نەبو، دەوڵەتی ساسانیش لەوپەڕی لاوازیدا بو، بۆیە قوباد لەدوای پێنج ساڵ فەرمانڕەوایەتیکردن، هەوڵیدا سنورێک بۆ دەسەڵاتی قۆرخکاریی سوخرا دابنێ؛ یەکەم هەنگاو بۆ وەستاندنی سوخرا، دورخستنەوەی بو لە تەیسەفونی پایتەختەوە بۆ ناوچەی شیراز، بەڵام نەیتوانی بەیەکجاری لەناوی ببات، چونکە سوخرا فەرمانڕەوای هێزێکی سەربازیی گەورە بو، لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی شیراز و هەرێمەکانی دیکەی دەوڵەتی ساسانی، تەنها گوێڕایەڵی فەرمانەکانی (سوخرا) بون و باجیان بەو دەدا، چونکە دەستی بەسەر گەنجینەی دەوڵەتدا گرتبو، بێجگە لەوەی بەسەر هێزی سەربازیی خانەدانەکانیش زاڵبو (بورشریعتي، ٢٠٢٠، ١٣٨-١٣٩). قوباد توانیی سود لەو ڕکابەریەی نێوان سوخرا لە بنەماڵەی کارین و شاپور لە بنەماڵەی (میهران) ببینێت، کە لە ساڵی (٤٨٨-٤٩٧ز) گەیشتە لوتکە، بۆ خۆڕزگارکردنی لە سوخرا پەیوەندیی بە شاپور میهرانەوە کرد، کە لەو کاتەدا پلەی ئێران سپاهیدی (سەرکردەی سوپای ساسانی) هەبو، لە هەمانکاتدا سەرکردایەتیی هێزەکانی ناوچەی سەوادیشی لە ئەستۆ بو، بەمەش بەهۆی پلانێکی شاپور میهران، سوخرای لەناو برد ( تنسین، ٢٠٠٦، ٤٢٠). ئەوەی شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنە، لە مێژودا دوای کوژرانی سوخرا باسی شاپور میهران نەکراوە، بۆچونێك هەیە پاش نەمانی سوخرا هێندە نەژیاوە، پێدەچێت دەسەڵاتداران لەناویان بردبێت، چونکە کوژرانی سوخرا بووە هۆی تورەیی لایەنگرانی و دوژمنایەتییەکی ترسناک دژ بەخودی پاشاش هاتە ئاراوە (العابد، ٢٠١٤، ٦٦)، کە کاری کردە سەر دەسەڵاتی قوبادی یەکەم، سەرەڕای کاریگەریی پاشاکانی بەر لە قوباد و جیاوازیی چینایەتی و ئەو ستەم و دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی دەوڵەت لەلایەن چینی خانەدان و پیاوانی ئاینی، بەتایبەت زەردەشتییەکان (Jcena Jacob, 241).

لەلایەکی ترەوە گەرچی ئایینی زەردەشتی ئاینی فەرمیی دەوڵەت بو لە گشت دامودەزگاکانی دەوڵەت، بە هەمو هێزێکەوە بەرگری و پشتیوانیی لێدەکرا، بەڵام بەهۆی ئەو فشارانەی دەیانخستە سەر خەڵک، نەیانتوانی زۆرینەی خەڵک بەدەستبهێنن، چونکە دەستە باڵاکانی پەیڕەوانی ئەم ئایینە تەنها خەمی پاراستنی بەرژەوەندیی چینە باڵاکانی کۆمەڵگایان بو (الشوانی، ٢٠١٦، ١٣٧-١٣٨)، ئەو بارودۆخە قوبادی یەکەمی ڕوبەڕوی کێشەی کۆمەڵایەتی کردەوە، بۆیە قوباد بڕیاریدا پاڵپشتیی ئایینی مەزدەک[iii] بکات، بەڵام ڕێککەوتنی لەگەڵ مەزدەک، لەو کێشانە مەترسیدارتر بو کە لە لایەن مەزن و پیاوانی ئاینی بەهۆی کوشتنی سوخرا بۆ خودی قوباد هاتە ئاراوە، چونکە جگە لەوەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بو بۆ لاوازکردنی چینە باڵاکانی کۆمەڵگە، تەختی پیاوانی ئاینی زەردەشتیشی هەژاند (جلال، ٢٠١٥، ٧٩)، ئەوەش بوبە هۆی لاوازبونی ژێرخانی ئابوریی خانەدان و بنەماڵە گەورەکانی وڵات، تەنانەت پیاوانی ئاینیی زەردەشتیشی لێنیکەوێتەوە، کە بنەمای هێز و دەسەڵاتیان بو لە دەوڵەتدا (برشریعتی، ٢٠٢٠، ١٤٢)، لەلایەکی ترەوە پێش قوباد، لەسەرانسەری دەوڵەتی ساسانی ئیمتیازەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ کوڕانی چینە باڵاکانی کۆمەڵگا سنوردار کرابو، بەتایبەت کوڕانی پیاوانی ئایینی زەردەشتی (الثعالبی، ١٩٦٣، ٦٠٨)، چینی خانەدان و چینە باڵاکان و سەرۆکهۆزە ناوچەییەکان، سەرپەرشتیی وەرگرتنی باجیان بۆخۆیان قۆرخ کردبو، بۆیە قوباد ماوەی خولی یەکەمی دەسەڵاتیدا بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم گرفتە ئابورییە، سیستەمەکانی باجدان و موڵکداریی ڕێکخستەوە، بەم چاکسازییانەشی چینی خانەدان و باڵا و سەرۆکهۆزە ناوچەییەکانی هەراسانکرد (Jacob, 2020, 241)، ئەمەش وایکرد، بنەماکانی ئاینی مەزدەك ببێتە هۆی یەکخستنی چینی خانەدان و پیاوە ئاینیەکان، چونکە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی زەردەشتیەکان و خانەدانەکان دروستکرد (الدینوری، ١٣٣٠هـ.ش، 65)، بۆیە دوای (دە ساڵ) لە وەرگرتنی دەسەڵاتی پاشای ناوبراو، لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەی خانەدانەکانەوە دژایەتیکرا و لە ساڵی (٤٩٧_٤٩٨ز) زیندانی کرا، جاماسبی برای لەشوێنی دانرا، دوای ساڵێك ڕزگاری بو لەزیندان (٤٩٨_٤٩٩ز) توانی لەلای هەفتالییەکان خۆی پەنا بدات و بەپاڵپشتیی هێزی سەربازیی هەفتالییەکان تەختی فەرمانڕەوایەتی وەربگرێتەوە، لە بەرانبەر ئەو هاوکارییەش بەڵێنی دا بڕی ئەو باجە زیاتر بکات کە دەوڵەتی ساسانی بە هەفتالییەکانی دەدا (ابن الأثیر، ٢٠٠٤، ٣٣٦/٢). بەمەش دەتوانین بڵێین قوباد لە ماوەی دووەمی فرمانڕەوایەتیدا پاڵپشتیی لە ئاینی مەزدەک کردووە، ئەگەرنا چۆن بنەماڵەی کارین و بەتایبەت سوخرا بەو ڕادەیە هەژمونی دەبو، بەڵکو بەهۆی نییەتی بۆ چاکسازییە داراییەکان، لەوانەش خەراج، دەستڕۆیشتووەکان

دوریانخستەوە، بۆیە پاش گەڕانەوەی لەلای هەفتالییەکان، قوباد گەیشتە ئەو باوەڕەی، تا چەکێکی بەهێزی بەدەستەوە نەبێت ناتوانێت هێزی خانەدان و دەستڕۆیشتووەکان ملکەچ بکات، دەشێت ئەو چەکە ئایینی مەزدەکی بوبێت، لەمەشدا پێدەچێت بەشێکی چینی گشتیی کۆمەڵگا پاڵپشتییان کردبێت و کارەکەیان بۆ ئاسان کردووە.

قوباد لە خولی دووەمی دەسەڵاتیدا بەهۆی ئەوەی گەنجینەی دەوڵەت بەتاڵ بو، لە ساڵی (501ز) داوای هاوکاریی دارایی لە ناستاسیوسی (Anatasius) (٤٩١-٥١٨ز) ئیمپراتۆری ڕۆمانی کرد، بۆ ئەوەی بتوانێت باجی هەفتالییەکان بدات، بەڵام ئیمپراتۆر ئەم داوایەی ڕەتکردەوە (مجيد، ٢٠١٠، ١٣١-١٣٢)، کە بەپێی ڕێکەوتنامەی ساڵی (٤٤٢ز)، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پەیمانی دابو هاوکاریی دارایی بە دەوڵەتی ساسانی بدات، لە بەرانبەر پاراستنی سنورەکانی کاسپیا لەقەفقاس بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هۆزەکانی ئەو ناوچانە، بۆیە قوباد پەیمانی ئاشتیی ساڵی (٤٢٢ز)ی هەڵوەشاندەوە، بەیارمەتیی هاوپەیمانەکانی شەڕێکی گشتگیری لەناوچەکە هەڵگیرساند، چەندین ساڵ بەردەوام بو. لەدوای چەندین جەنگ، کە هەرجارەی لایەکیان سەردەکەوت، ویستی ئاگربەست لە نێوانیاندا هاتەکایەوە، لەو ساڵەدا قوباد هێرشی کردە سەر ئەرمینیا و دوای ماوەیەک لە هێرش و گەمارۆی شارەکان، توانیی دەستی بەسەردا بگرێت و فەرمانڕەوایەکەی بە دیل بگرێت. مێژونوسێک ئاماژە بە پێکهاتەی هێزە هێرشبەرەکانی قوباد دەکات (لە عەرەب و ئەرمەن و ئەوانیتر) یارمەتییان دا دژی ڕۆمانەکان، تەنانەت پێدەچێت لەناو شاری (ثیودسیوبولیس)ش هاوکارییان کردبێ (مجيد، ٢٠١٠، ١٣٣). لە دواییدا سوپای ساسانی بەرەو باشور تا ناوچەکانی دورگەی فورات پێشڕەوییان کرد و دوای ئەوەی شاری ئامیدایان (ئامەد) و بۆ ماوەی (سێ) مانگ گەمارۆ دا، توانییان شارەکە لە دەست ڕۆمانەکان دەربهێننەوە، دەستیان بەسەر سامان و دارایی شارەکەدا گرت (المقدسي، ٢٠١٠، ١٦٨/٣)، پاشان لەو شارە کشانەوە، چونکە ئامانجی سەرەکیی پاشای ساسانی لە دژی ئیمپراتۆریی ڕۆمانی، دەستگرتن نەبو بەسەر شارەکان، بەڵکو بەدەستهێنانی سەرمایە بو، چونکە دەیویست ئەو دەسکەوتە بکاتە هۆکارێك بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشە ناوخۆییەکان، کە لە ئەنجامی وشکەساڵی و قاتوقڕی و مایەپوچبونی گەنجینەی دەوڵەت هاتبونە ئاراوە (مجيد، ٢٠١٠، ١٤١). واتە دەکرێت بوترێت هۆکاری سەرەکیی جەنگەکانی قوباد، لە دەرەوە، بۆ کۆکردنەوەی داهات بووە، تا وڵاتەکەی لە قەیرانی دارایی و کۆمەڵایەتی دەربازبکات، دەیویست لەو ڕێگایەوە دەست بەسەر سامانی گەورەکاندا بگرێت و دەسەڵاتیان کەمبکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە بە مەبەستی پاراستنی سنوری خۆرهەڵاتی دەوڵەتەکەی لە مەترسیی هەفتالییەکان، کە ماوەی دە ساڵ (٥٠٣-٥١٣ز) بو لە جەنگدابون، بەڵام لە (٥١٣ز)دا ئەم جەنگە بە سەرکەوتنی ساسانییەکان کۆتاییهات، ئەگەرچی ئەم سەرکەوتنانەش نەبونە هۆی بەدیهاتنی ئامانجەکانی قوباد، کە بریتی بو لە بوژانەوەی ئابوری و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی خانەدانەکان، چونکە شەڕکردن دەبێتە هۆی خاڵیکردنی ناوچەکە لە سەروەت و سامانی کشتوکاڵی و چالاکیی بازرگانی (مجيد، ٢٠١٠، ١٤١)، کە دو کۆڵەکەی گرنگی ئابورین، سەرەڕای ئەمانە باوەڕهێنانی قوباد بە ئایینی مەزدەک، زیانی گەورەی بە کەرتی ئابوری و دابونەریتەکان گەیاند.

قوباد لە کۆتاییەکانی ماوەی دووەمی دەسەڵاتیدا، هەوڵیدا گرنگیدان بە ئایینی مەزدەکیی کەمبکاتەوە، چونکە بەرژەوەندیی لەتەکیاندا نەما (Alessandro, Bausani, 1962, 56). بە وریاییەوە سەرنجی خستە سەر کاری مەزدەکییەکان و پلانی خۆپارێزیی لەبەرچاوگرت (کریستنسین، ٢٠٠٦، ٤٣٤)، ئەمەش وای لە مەزدەکییەکان کرد بیر لەلادانی (قوباد)بکەنەوە (کاوس)ی کوڕە گەورەی، کە باوەڕدارێکی ئایینی مەزدەکی بو، بۆ تەختی شاهانە ئامادەبکەن. مەزدەکییەکان لە ساڵی (٥١٩ز)، بەرنامەڕێژییان بۆ دانانی شازادە کاوس بە جێنشین کرد، ئەمەش هاوکات بو لەگەڵ ئاڵۆزبونی بارودۆخی وڵات، کە مەزدەکییەکان هۆکار بون، بەڵام لەپلانەکەیاندا سەرکەوتو نەبون و قوباد تا ساڵی (٥٣١ز) فەرمانڕەوایەتیی وڵاتەکەی کرد (الجاف، ٢٠٠٨، ٩١/١). بۆیە قوباد لە کۆتاییی ساڵی (٥٢٨) یان سەرەتای (٥٢٩ز)دا، بڕیاری دا مەزدەکییەکان لەناوببات (کریستنسین، ٢٠٠٦، ٤٤١)، شازادە خەسرەو، قوبادی باوکی بە کوشتنی خودی (مەزدەک) ڕازی کرد و دەیان هەزار لە پەیڕەوانی کوژران و زۆربەیان بەرەو ناوچە جیاجیاکان ڕاپانکرد، دوای کوژرانی مەزدەک ئایینی مەزدەکی وەک گروپێکی نهێنی لەناو کۆمەڵگەی ساسانیدا مایەوە (بەهزادی ،٢٠١١، ١٣٤ ).

ساڵی (٥٣١ز) قوباد نەخۆش کەوت، بەپێی سیستەمی بنەماڵەیی، (کاوس)ی کوڕە گەورەکەی مافی خۆی بو ببێتە پاشای ئاینده (جەمیل، ٢٠١٨، ١٤٢)، بەڵام لایەنگیریی بۆ ئایینی مەزدەکی، بووە هۆی بێبەشکردنی لە مافی فەرمانڕەوایەتیکردن. لە لایەکیترەوە (زام) یەکێکی تر بو لە کوڕانی پاشای ناوبراو، بەڵام هەر لەمنداڵییەوە بینایی لەدەستدابو، ئەمەش شازادەی بێبەشکرد کە ببێتە پاشا (العابد، ٢٠١٤، ٦٩).

ئەمانە بونە هۆی ئەوەی لە نێوان سێ میراتگری کورسیی شاهانەی قوبادی یەکەم، خەسرەو ئەنۆشیروان لە ساڵی (531ز) بچێتە سەرتەختی پاشایەتی، سەرەڕای ئەوەی لەسەر وەسیەتی قوبادی باوکی پاشایەتی بۆ ئەو یەکلا ببووەوە (نەراقی، ٢٠١٤، ٤٨-٤٩)، چونکە قوباد دەیویست دوای مردنی کێشە بۆ خەسرەوی کوڕی دروست نەکەن، بۆیە وەسیەتنامەکەی لای (ماهیود)موبەدان موبەد دانا و ئەویش خستییە بەردەم (ئەنجومەنی مەزنان)، تا بەپێی یاسا دەنگ بەو جێنشینە بدەن کە پادشا لەوەسیەتنامەکەیدا دانابو، بەمەش داواکاریی کاوسی پشتگوێ خست، بێجگە لەوەی ویستی پیشانی بدات بڕیاری پاشای کۆچکردو حوکم و سەنگی یاسایی هەیە، هەرچەندە هەمووان دەیانزانی خەسرەو هەڵوێست و سیاسەتێکی توند و پتەو دژی مەزدەکییەکان لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام هاوڕابون لەسەر پاشایەتیی ئەو کەسایەتییە و دوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی (٥٣١ز) تاجی شاهانەی لەسەرنا، بەم شێوەیە بە خەسرەو ئەنوشیروان یان (کیسرا ئەنۆشیروان) ناسرا (کریستنسێن، ٢٠٠٦، ٤٤٣-٤٤٤).

## ٤.ڕۆڵی خەسرەو ئەنەوشیروان لە گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیدا

کارەکانی خەسرەو ئەنەوشیروان سەرنجی زۆرێك لە مێژونوسانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، لە ماوەی دەسەڵاتیدا هەوڵیداوە پرۆژەکانی بخاتە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئەنجامی خراپبەکارهێنانی دەسەڵات و شێواز و سیستمی فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەت هاتبونە ئاراوە، ئەمەش وای لە هەندێک مێژونوسی سەردەمی ئیسلامی کردووە، بەهۆی ئەو چاکسازییانەوە ناسنامەی دادپەروەری پێ بدەن (الدينوري، ١٩٧٠، ٧٢-٧٣؛ مسكويه، ٢٠٠٣، ١٣٤، ١٣٨؛ الطوسي، ٢٠٠٧، ٧٧-٧٨).

خەسرەو ئەنوشێروان لە سەرەتای فرمانڕەوایەتییەکەیدا، بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی و حکومەتەکەی جێگیر بکات، بەوپەڕی بێبەزەییانە هەمو براکانی و کوڕەکانیانی کوشت، ویستی کۆتایی بە ململانێی نێو بنەماڵەکەی لەسەر تەختی شاهانە بهێنێت (نەراقی، ٢٠١٤ ،٤٩)، هاوکات کەوتە کوشتنی شوێنکەوتوانی ئایینی مەزدەک، کە وەک گروپێکی نهێنی لە دەوڵەتی ساسانیدا مابون (الشواني، ٢٠١٦، ١٦٧)، چونکە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp389-396

لایەنگرانی ئایینی مەزدەک بەبڕیاری جێنشینی خەسرەو لەسەر وەسیەتی قوبادی باوکی نارازی بون (باقر، ٢٠١٨، ٤١٩\٢)، بۆیە فەرمانیدا شوێنکەوتوانی ئایینی مەزدەکی لە هەر شوێنێك بێت بیدۆزنەوە و بیکوژن، بەپێی گێڕانەوەکان تەنها لە ڕۆژێکدا سەد هەزاری لێ کوشتن و لە خاچیدان، هەرچەندە ئەم ژمارەیە زیادەڕۆیی تێداکراوە، بەڵام ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی توندوتیژ ڕوبەڕویان بووەتەوە (الكعبي، ٢٠٢٠، ٨١)، پێمانوایە، جگە لەوەی پێچەوانەبونەوەی سیاسەتی پاشا بەرانبەر بە مەزدەکییەکان، بەڵگەی ئەوەیە کە گرنگیدانی بە مەزدەکییەکان هۆکارەکەی بۆ لاوازکردنی چینەباڵاکان بووە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ناوەندیی دەربار، چونکە پێشتر قوبادی باوکی، مەزدەکییەکانی بۆ لاوازکردنی بنەماڵە و پیاوانی زەدەشتی واڵادەستکرد بو.

ئایینی مەزدەکی کاریگەریی خراپی لەسەر لایەنی ئابوریی وڵات جێهێشت، بە تایبەتی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ، چونکە مەزدەکییەت، چینێکی دروستکرد کە کشتوکاڵیان نەزانیوە (الشواني، ٢٠١٦، ١٦٧)، هەروەها کار و هونەر و پیشەکانیان نەکردووە، لە گۆشە و کەنارەکان زەوی و زاریان داگیر و وێران دەکرد (کریستنسین، ٢٠٠٦، ٤٤٠)، لەوانەشە بە هۆی ئەوەی کە پێشتر زەوییە کشتوکاڵییەکان لەلایەن بنەماڵە و خاوەن زەوییەکانەوە وەبەردەهێنرا، بەڵام مەزدەکییەکان کاریان تێدا نەدەکرد، لە لایەکیترەوە مەزدەکییەکان بە هۆی بڵاوکردنەوەی پەیامی بەهاوبەشیکردنی پارە و ژن، بونە هۆی لەدەستدانی نەسەب و بڵاوبونەوەی گەندەڵیی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەی ساسانیدا (الشواني، ٢٠١٦، ١٦٦). لەبەرئەوەی لە بنەڕەتەوە ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای ئایینی زەردەشتی و کۆمەڵگەیەکی داخراو بو، ئابوریی وڵات و هێز و تواناکانی لەسەر ئەم بنەمایانە بون، بۆیە تێکشکاندنی ئەو کۆڵەکە ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابورییانە، ناڕاستەوخۆ دەوڵەتی بەرەو هەڵوەشانەوە و داڕمان برد (جلال، ٢٠١٥، ٧٩). نەک تەنها زەردەشتییەکان، بەڵکو تەنانەت جووەکان و مەسیحییەکانیش دژی مەزدەکییەکان وەستانەوە (Alessandro, Bausani, 1962, 56)، چونکە کاریگەریی ئەم ئایینە بە تەنها لە لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لایەنی سیاسی و ئایینیشی گرتۆتەوە (مسكويه، ٢٠٠٣، ١٢٩). بۆیە خەسرەو ئەنوشیروان بەزەبر و زەنگ و قۆرخکردن جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی چاکسازییەکانی، بە نامە، بۆ والیی هەرێمەکان نارد، تێیدا تیشکی خستبوە سەر شکۆی دەسەڵاتی ناوەندی و ڕێگەنەدان بە هیچ کەسێک دەست بخاتە ناو کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی و دەبێت بڕیارەکانی بەکەم سەیرنەکرێت، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە چاکسازییەوە هەیە (العابد، ٢٠١٤، ٧٠-٧١)، کەواتە تاکڕەوانە بڕیارەکانی خۆی سەپاند و ڕایگەیاند بە هیچ شێوەیەک لە بڕیارەکانیدا بۆ پیاوانی ئایینی و چینی خانەدانی دەوڵەتی ساسانی ناگەڕێتەوە (الجاف، ٢٠٠٨، ١، ٩٣-٩٤).

هەرچەندە لە سەرەتادا فەرمانڕەوا و خانەدانەکان، بەهۆی کەمیی تەمەنی، ڕێزێکی وایان لە خەسرەوئەنوشیروان نەگرت، بەڵام کاتێک فرمانڕەوای ئازەربایجان هەوڵی دا کەپری پیرەژنێك داگیر بکات، تا بیکات بەبەشێک لەو کۆشکەی دەیویست بنیاتی بنێت، بێ ئەوەی قەرەبوی پیرەژنەکە بکاتەوە، لە یەکێك لە گەشتەکانیدا، کە پاشا بۆ ڕاوکردن ئەنجامی دابو، پیرەژنەکە پاشای بینی و بۆ ئەوکارەش گازەندەی خۆی کرد، دوای ئەوەی پاشا لە ڕاستیی بابەتەکە دڵنیا بو، والیی ئازەربایجانی بە کوشتن سزادا و دواتر بڕیاریدا پێستی لێبکرێتەوە و لەسەر دەرگای کۆشکی پاشا هەڵبواسرێت (الطوسي، ٢٠٠٧، ٧٢-٧٣)، لەو ڕوداوەدا خەسرەو ئاماژەی بەوەکرد بۆ لەمەودوا بە هیچ شتێکی تر جگە لە شمشێر قسە لەگەڵ ستەمکاران ناکات، بەم کارەشی مەترسیی لە دڵی کاربەدەستەکانی دروستکرد، کە چیتر بە چاوێکی کەم سەیری نەکەن ( الطوسي، ٢٠١٢، ٧١)، کەواتە هەوڵەکانی خەسرەو ئەنوشیروان بەناوی چاکسازی، مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوە بو، ئەویش بنیادنانەوەی کۆمەڵگە بو بەو شێوەیەی لە سودی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندا بێت (جلال، ٢٠١٥، ٧٩).

بۆ بەجێگەیاندنی هەنگاوەکانی لەو بوارەدا، دەستیکرد بە گێڕانەوەی پیاوانی ئایینی زەردەشتی بۆ پلە و پێگەی پێشویان، بە مەبەستی زیندوکردنەوەی ئایینی زەردەشتی لە کۆمەڵگەی ساسانیدا، لە لایەکیترەوە بۆ نەهێشتنی کاریگەرییە خراپەکانی مەزدەکییەکان لە کاروباری وڵاتدا، کە بە هۆی پەیڕەوانی ئایینیەکەوە هاتبونە ئاراوە (Alessandro, Bausani, 2962, 56)، وەک ئەو پشێویە کۆمەڵایەتییەی مەزدەکییەکان دروستیان کردبو، کە داوای یەکسانیی سامانی دەکرد، ئەمەش لە بەرژەوەندیی چینی خانەدان و دەسەڵاتداراندا (ئەرستۆکراتەکان) نەبو، پاشای ناوبراویش بۆ ئەوەی چینی خانەدانەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بە فەرمانێکی شاهانە کۆتایی بەم پشێویە کۆمەڵایەتییە هێنا، بەگەڕاندنەوەی هەمو ئەو پێگە و دەسکەوتانەی بەهۆی پەیامی ئایینی مەزدەکییەوە لەدەستیان چوبو (Gllen E, curtis and Eric Hooglund, 2008, 13).

هەروەها لە بواری دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانیان بە هۆی ئەو پشێویە کۆمەڵایەتیەی مەزدەکییەکان لە بواری خاوەنداریدا دروستیان کرد بو، زەوی و خانوی بۆ خاوەنەکانیان گەڕاندەوە. سەبارەت بەو ژنانەش کە بە زۆر هەڵگیرابون، خستیە بەردەم ئەو کەسانەی هەڵیانگرتون؛ ئەگەر ئافرەتەکە لەو چین و توێژە زۆرلێکراوانە بوبێت و شوی نەکردبێت، ئەوە بکرێتە خێزانی و مارەییەکی گونجاوی پێبدرێت، ئەگەر خاوەن مێردیش بو، ئەگەر مێردەکەی بیەوێتەوە ئەوە پێویستبو بۆی بگەڕێندرێتەوە، یان جیابونەوەی لەگەڵ ئەو کەسەی بەزۆر بردویەتی، ئەگەر نەیەوێت لەگەڵی بمێنێتەوە، هەروەها پێویستە سەرپێچیکار بە پارە یان بە بەندکردن سزا بدرێت، ئەو منداڵانەش کە لەوانەوە لە دایك دەبن دەدرێتە کۆشکی پادشایەتی و چاودێرییان لەئەستۆ دەگرێت (الطبري، ١٩٩٧، ١٠١\٢-١٠٢).

پاشا هەتیوانی ئەم چینانەی بە منداڵانی خۆی دانا، کچەکانی بە پیاوانی هاوشانی خۆیان بەشودا، ژنی لەخانەدانەکان بۆ کوڕەکان هێنا و مارەیی لەئەستۆی خۆی گرتن و دەوڵەمەندی کردن، فەرمانیشی دا کە لە ئاستانەی میری دایاندەمەزرێنێت، پاشان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری گرنگی وڵات ڕایانهێنان و ئامادەیانکردن. بەم شێوەیە خەسرەو ئەنوشیروان چینێکی نەجیبزادەی بەدیهێنا کە دڵسۆز و ملکەچی فەرمانەکانی بون (کریستێنسێن، ٢٠٠٦، ٤٥٣)، لەکاتێکدا وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا، باوانی ئەم نەوە نوێیە تا ڕادەیەکی زۆر لە دەوڵەتدا باڵادەست بون و ببونە مەترسی بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی شاهانە، هەر لەبەر ئەوەش بو، کە قوباد لەڕێگای مەزدەکییەوە هەوڵی لاوازکردنیدان، ئیتر لێرە بە دواوە، بونە بنچینەی هێزی ئەو دەستەڵاتە.

هەرچەندە گێڕانەوەی ئایینی زەردەشتی لە ڕوانگەی باوەڕەوە نەبو، بەڵکو بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی مەزدەکییەکان بو، کە باڵیان بەسەر دەستەڵاتدا کێشابو، چونکە قوباد، کە خۆی پشتیوانیان بو، گەیشتە ئەو باوەڕەی پێویستە سنوریان بۆ دابنێت، لە لایەکی دیکە تەمەنی هەڵکشابو، لە دیاریکردنی جێنشیندا خەسرەو ئەنوشیروانی هەڵبژارد، ئەویش بە دەمارگیریی بۆ زەردەشتی و دژایەتیی مەزدەکییەکان ناسرابو، بۆیە ئەو کارەی خۆی نەیتوانی ئەنجامی بدات، بۆ خەسرەو ئەنوشیروانی جێهێشت. هەر لەسەر ئەم بابەتە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوی پاشایانی ساسانی، چەند جارێک هەوڵیاندا بەپێی هەلومەرجی سیاسی و ئایدۆلۆژیای خۆیان پشگیریی ئەم ئایین، یان ئەو مەزهەب بکەن، بۆ نمونە شاپوری یەکەم (241-272ز) پشتیوانیی مانیزمی کرد (باقر، ٢٠١٨، ٤١٣\٢) و یەزدەگوردی یەکەم (٣٩٩-٤٢١ز) بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەوکات

بەرانبەر بە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و بارودۆخی ناوخۆیی، ئازادیی بە مەسیحیەکان بەخشی (العابد، ٢٠١٤، ٥٨). هەر لە بنەڕەتەوە دیاریکردنی ئاینی زەردەشتی وەک ئاینی فەرمیی دەوڵەت، بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بو، بۆیە ناوە ناوە دەیانویست هێزی زەردەشتیەکان و هەژمونیان بەسەر دەوڵەتدا کەم بکەنەوە، بۆیە ئەم جارەش بەو شێواز و مەبەستە بو کە بەلاوازی بیپانهێننەوە ناو دەستەڵات.

لە سەردەمی خەسرەو ئەنوشیرواندا دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی سەرۆکهۆزەکان پەرەیسەند، ئەم دەسەڵاتدارانە لەکۆتاییدا بونە بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتی ناوەند و سیستەمی کۆکردنەوەی باج لە دەوڵەتی ساسانیدا (Gllen E, curtis and Eric Hooglund, 2008, 13)، کەواتە چینی خانەدانەکان لەڕوی ئابورییەوە پاڵپشتی پاشایان کردووە، بۆیە پادشا خەسرەو بەڕادەیەک پاڵپشتیی چینی خانەدانەکان دەکات تا دەگاتە بەرزترین ئاست (الجاف، ٢٠٠٨، ٩٣١١-٩٤). پێنوایە، لەم چاکسازییەدا نادادپەروەری دەبینرێ لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیریی کوڕ و کچی بێدایکوباوک، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە پاڵپشتیکردنی چینی خانەدان بەو رادەیە، جیاوازیی چینایەتیی سەردەمانی سەرەتای دەوڵەتی ساسانیی هێنایەوە ئاراوە، کە یەکێک بو لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ساسانی.

لە چوارچێوەی چاککردنی سیستەمی باجدا، لەکاتێکدا پێشتر باجی زەوی و کەسێتی تا ئاستی هەژاربون زیادیکردبو، ئینجا لە زۆربەیاندا باجی پابەندی بەکار هەبو، دوای ئەوەی جوتیاران نەیاندەوێرا پێش دیاریکردنی باجەکە بەسەریەوە دەست لە بەرهەمەکانیان بدەن، ئەمەش جۆرێکە لە سەندنی باج بە پابەندبونی جوتیارەکە بەزەویەکەوە، بێ گوێدانە ئەوەی بەرهەمەکەی و بڕی باجەکەی گونجاوە یان نەگونجاوە، لەلایەکی ترەوە سیستەمی باجەکانی لەسەر زەوییە کشتوکاڵی و پیشەوەر و بازرگان و خاوەن موڵکەکان رێکخست (العابد، ٢٠١٤، ٧١).

کاتێک سەیری مێژوی و شوێنەوارناسیی سەردەمی ساسانییەکان دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای چینایەتی بنیاتنراوە، چینی خانەدانەکان باڵادەستیی فراوانیان بەسەر کەرتی کشتوکاڵدا هەبو، لەوانەش کۆکردنەوەی باج و وەبەرهێنان لە بواری ئابوری تا سەردەمی قوباد (٤٨٨-٥٣١ز)، عرب و صادقی ئاماژەیان بۆ دو قۆناغ کردووە؛ قۆناغی پێش خەسرەو ئەنوشیروان و دوایی، واتە پێش چاکسازی و دوای چاکسازی، سەبارەت بە چاکسازییەکانی پێشو، لە سەردەمی هورمزی دووەم (٣٠٣-٣٠٩ ز) و شاپوری کوڕی (٣٠٩-٣٧٩ ز)، بەو ئەنجامە گەیشتووە، لە کاتێکدا بڕی باجەکان رێکنەخراوە و لە دە مانگی ساڵدا کۆدەکرێنەوە، ئەم ناتەباییە لە کۆکردنەوەی باجدا سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی حکومەت بو، بو بە هۆی لاوازبونی حکومەتی ناوەندی (عرب، صادقی، ١٣٩٢ه.ش، ٩٣). یەکێک لە لایەنە نەرێنییەکانی ئەم شێوازە، جوتیاران ناچاربون خۆیان لە دروێنەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەدوربگرن، چونکە چاوەڕێی هاتنی بریکارەکانی باج بون بۆ ئەوەی شایەتحاڵی لەناوچونی بەرهەمەکانیان بن. ئەم شێوازە زەحمەتی تریشی هێنایە ئاراوە؛ لە لایەکی دیکەوە لە پێدانی باجدا هەمو هەرێمەکان بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکرا و هەندێک هەرێم دەبو باجی زەوی زیاتر بدەن، ئەمەش واتە پارەدان بە یەک لەسەر سێ، یان یەک لەسەر چوار ...، لە لایەکی ترەوە ئەم شێوازە رێگەی بە ناوەندەکانی باجدا، بەشێک لە بەرهەمەکە بۆ خۆیان وەربگرن، زۆربەی دەڵاڵەکان نوێنەری خانەدانەکانی زەوی بون کە لەسەرەتای سەردەمی ساسانییەوە تا سەردەمی خەسرەو ئەنوشیروان (٢٢٤-٥٣١ز) کاروباری دارایی شانشینیان بەڕێوە دەبرد، کە واستێریۆشانسالار (سەرۆکی دیوانی خەراج) سەرۆکایەتیان دەکرد. دیارە لە شێوازی مقاسەمەدا (بۆ مەقاسە دەڕوانرێتە: (jalal, Husien, 2025, 149) ئەم خانەدانانە خاوەن زەوی بون باجی سەر زەوییەکانیان هەڵدەگرت و بەپێی دوریی زەوییەکە لە ناوەندەوە رێژەیەکی کەمی باجەکەیان بە پاشا دەدا، ئەم دۆخە وای لە قوباد کرد شێوازی کۆکردنەوەی باج لە سیستەمی مقاسەمە بۆ سیستەمی رووپێوی بگۆڕێت (میرزایی، ١٣٩٤، ١١٥).

هەنگاوی دوای رووپێوکردنەکە بریتی بو لە دیاریکردنی جۆری ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کە باجیان لەسەرە، الطبري و موسکویە دەڵێن کاتێک بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە بڕێک پارە لەسەر هەر جریبی (نزیکەی ١٥٠٠م$^{٢}$) زەیتون یان جریبێک دارخورما و جۆرەکانیتر دەستنیشان دەکرێن و ساڵانە بە سێ بەش کۆی بکاتەوە، ناردنی بۆ گەنجینەی دارایی ئەگەر لە یەکێک لە سنوورەکان یان یەکێک لە پارێزگاکان بوێت (الطبری، ١٩٩٧، ١٥١١٢؛ مسکویە، ٢٠٠٣، ١٣٠)، پاشا فەرمانی دەرکرد لەکاتی وەرگرتنی باجدا ئەو بەرهەمانەی توشی ئافات بون بڕی باجیان لەسەر کەم بکرێتەوە (میرزایی، ١٣٩٤، ١١٦). لەو بڕیارەدا گەورەکان و موبەدەکان و کەسەکانی نزیکی دەربار لەو باجی خەراج و سەرانە بەخشران (مسکویە، ٢٠٠٣، ١٣٠١١)، پێنوایە، ئەمەش دەریدەخات کە تا چەند ئەم بڕیارە دورە لەوەی بۆ مەبستی دادپەروەری بوبێت، بەڵکو بۆ بەهێزکردنی گەنجینەی دەوڵەت بووە.

ئامانجی سەرەکیی پاشا لە بەدەستهێنانی باج، هەوڵێک بو بۆ بوژانەوەی ئابوریی وڵاتەکەی، بابەتی باج کۆڵەکەی سەرەکیی داهاتی دەوڵەت بو، خەسرەوی دووەم٥٩٠-٦٢٧ز لە دوارۆژەکانیدا بو، لەدوای ئەوەی (شیرویە) ی (قوبادی دووەم) کوڕی ویستی لە دژی بڕیارەکانی بۆ سەپاندی باجی زیاتر روبەڕوی بێتەوە، لەوەڵامدا باسی گرنگیی باجەکانی کردووە بۆ بەهێزکردنەوەی تواناکانی دەوڵەت و بەبێ ئەو باجانە ناتوانن پایەکانی دەوڵەت ڕابگرن، کە زۆرینەی باجەکانیش بۆ سوپا خەرج دەکرا (الدینوري، ١٩٧٠، ١٠٩؛ الطبري، ١٩٩٧، ٢٢٥/٢-٢٢٦). هەرچەندە هەندێک مێژونوس خەسرەو ئەنوشیروان بە دادپەروەر وەسف دەکەن، بەڵام لەسەردەمی خۆیدا نەیتوانی بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەی کێشە (ئابوری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری)ییەکانی بکات، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگە لەو سەردەمەدا بەڕادەیەک توشی کێشەی کۆمەڵایەتی بووەوە (الشواني،٢٠١٦، ١٦٥)، کە کاریگەرییەکانی بۆ ناو جومگەکانی دەوڵەت پەلیان کێشا بو.

گومان لەوەدا نییە کە خەسرەو ئەنوشیروان لە چەندین بواردا چاکسازیی ئەنجامداوە و لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئاساییدا بووە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی پڕکردنی خەزێنەی دەوڵەت بووە، بۆ نمونە لە بواری ژیانی گشتییەوە، خەسرەو ئەنوشیروان بڕیاری دوبارە ئاوەدانکردنەوەی خانوبەرە و دێهات و چەند شوێنێکی تری دەرکرد، بڕیاریدا ئاوەڕۆ دروستبکرێ و کەناڵە ئاوییەکان چاکبکرێن وکەناڵی نوێ هەڵکەندرێن و بیناکان بەرزبکرێنەوە و بەهێزبکرێن، بڕیاریدا هەر پردێك کە وێرانبووە نۆژەنبکرێتەوە و وەک خۆی لێبکرێتەوە، کۆشك و قەڵای لە سەر رێگاکان دروستکرد (مسکویە، ٢٠٠٣، ١٢٩١١)، خەسرەو ئەنوشیروان هۆکاری سەرەکیی ئەم چاکسازییەی ئاوا دەخاتەڕوو: دەبێت دراو لە خەزێنەکانی پاشایەتیدا کۆبکەنەوە، هەتا لە کاتی شەڕدا هەمو ئامراز و کەلوپەلێك ئامادەبێ و پێویست بە سەپاندنی پیتاکی زیادە و نائاسایی نەبێ (کریستێنسێن، ٢٠٠٦، ٤٦٤-٤٦٥).

خەسرەو ئەنوشیروان زۆر گرنگیی بە لایەنی سوپا و سەربازی داوە، ئەمەش بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی دەوروبەری سنورەکانی وڵاتەوە، لە بەرەی رۆژئاوا ململانێکان لەگەڵ رۆمەکاندا بە تەواوی لە پەرەسەندندا بو (مسکویە، ٢٠٠٣، ٨٦١١-٨٧)،

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp389-396

موچەی بۆ ئەو هەژارانە بڕییەوە، کە بەهۆی خراپیی بارودۆخی داراییان توانای ئامادەکاریی بواری سەربازییان نەبو، وەك پێداویستییەکانی قەلغان و شمشێر و تیر، چونکە دابینکردنی ئەو پێداویستیانە پێویستی بە پارە بو.

هەروەها خەسرەو ئەنوشیروان پلەی ئێران سپاهیدی هەڵوەشاندەوە که پلەی فەرماندەی سوپای ساسانی بو، چوار فەرماندەی لە جێگەی دانا و هەریەك و ویلایەتێکی گەورەی پێدان و سەنتەرێکی بۆ هێزەکانیان دروستکرد خوراسان و میزۆپۆتامیا و ئازەربایجان و یەمەن، بەو کارەش خەسرەو سروشتی فەرمانڕەواییەکی سەربازیی بە دەوڵەتەکەی دا (برشریعتي، ٢٠٢٠، ١٥٨). پێش فەرمانڕەوایی خەسرەو ئەنوشیروان سوپای پیادە زۆر لاواز بو، هەمیشە لە ریزی پێشەوەی کوژراوان بون، بەڵام لە سەردەمی خەسرەو ئەنوشیروان گرنگیی زۆری پێدان و تەواوی پێداویستیەکانی خۆپارێزیی بۆ دابینکردن، لەوانە؛ سینەبەندێکی زرێ و شمشێر و تیروکەوان (کریستێنسێن، ٢٠٠٦، ٤٦٦).

دوای سوتاندنی ئانتاکییە (لە ویلایەتی سوریای رۆمانیدا)، لە نزیك تەیسەفون شارێکی دروستکرد، خەڵکەکەی بۆ شارە نوێیەکە گواستەوە و ناوێکی لێنا بە واتای چاکتر لە شاری کیسرا تەیسەفونی پایتەخت دێت، کە لە ناوەڕاستی میسۆپۆتامیادا بو، تەیسەفونی فراوانترکرد و نوێی کردەوە، پێدەچێت هەرخۆشی تاقە گەورەکەی دروست کردبێت و بۆ ئاهەنگەکانی بنیاتی نابێت لە ئەمرۆدا بە یەکێک لە تاقەکان دادەنرێت کە بە پێوە وەستاوە، پانیەکەی(٢٥) مەترە و بەرزییەکەی (٢٧) مەترە (باقر، ٢٠١٨، ٢ \٤٣١). پێدەچێت ئەم چاکسازییانەی لە بواری سوپا و سەربازیدا ئەنجامیدان، پشتبەستو بوبن بەو چاکسازییانەی کە لە بواری داراییدا ئەنجامی دابون، چونکە بەهێزکردنی سوپا پێویستی بە داراییەکی بەهێز هەبو، لەلایەکی ترەوە، دابەشکردنی دەسەڵاتی سەربازی لە یەک ناوەندەوە بۆ چوار ناوەندی سەربازی لە وڵاتدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هیچ بنەماڵە یان سەرکردەی سوپا لە دژی دەرباری پاشا بەکارنەهێنرێت.

دوای چل و هەشت ساڵ لە فەرمانڕەوایەتیکردن، خەسرۆ ئەنوشێروان کۆچی دوایی کرد، (هورمز)ی کوڕی کە بە (هورمزی چوارەم (٥٧٩-٥٩٠ز) ناسراوە، چووە سەر تەختی شاهانە (مسکویە، ٢٠٠٣، ١٤٢/١).

## ٥. ئەنجام

دوای بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند ئەنجامێک، کە لێرەدا گرنگترینیان دەخەینە روو:-

یەکەم: سەردەمی پێش دەسەڵاتدارییەتی قوباد و خەسرەو ئەنوشیروان، دەوڵەتی ساسانی لە بارودۆخێکی سیاسی و ئابوریی ئاڵۆزدابو، دوچاری چەندین قەیرانی سروشتی و جەنگ و شاڵاوی دەرەکی ببووەوە، بۆیە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی پێویستییەکی بابەتیانە بووە.

دووەم: هەوڵی گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی تەنها پەیوەست نەبو بە خەسرەو ئەنوشیروان، بەڵکو پێش ئەو قوبادی باوکی هەوڵێکی زۆریدا چاکسازی ئەنجام بدات، کە خۆی لە ڕووپێوکردنی زەویەکان و بەرنامەدارشتن بۆ چاکسازی لە داهات و خەراج دەبینێتەوە، بەڵام بە هۆی ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە لە لابردنی و دەستتێوەردانی مەزدەکییەکان و بەساڵاچونی تەمەنی، نەیتوانیوە ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.

سێیەم: بەهۆی ناڕونیی کات و مێژوی ڕوداوەکانەوە، ڕیزبەندکردنی ڕوداوەکان کارێکی ئاسان نییە، چونکە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ساسانی ڕاستەوخۆ لەبەردەست نین، یان مێژویان دیاری نەکردووە، ئەوەی کەوتووەتە بەردەستی موسڵمانەکان، درەنگ تۆمارکراونەتەوە یان هەر لەناوچوون.

چوارەم: هەوڵی چاکسازییەکانی قوباد، یان خەسرەو ئەنوشیروان بەشێوەیەک لە سەرچاوەکانی دواتردا تۆمارکراون؛ ڕاستەوخۆ کەوتونەتە ژێر کاریگەریی سەرچاوە زەردەشتییەکانەوە، چونکە لەدوای لەناوبردنی مەزدەکییەکان، دوبارە زەردەشتیەکان باڵادەستیی خۆیان وەرگرتەوە، لەوەشدا بێگومان هەر بابەتێک لە دژی بنەماکانی ئەوان بوبێت، بەباش باسیان نەکردووە و بەپێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، بۆیە هەرچی خەسرەو ئەنوشیروان ئەنجامیداوە بە دادپەروەری لەقەڵەم دراوە و ئەوانیتر بە لادان لە ئایین و دابونەریتەکانیان.

پێنجەم: بە ئاوڕدانەوە لە چاکسازییەکانی قوباد و خەسرەو ئەنوشیروان لە بوارەکانی دارایی، کۆمەڵایەتی و سەربازی، لەگەڵ ئەوەی سودی بۆ چینەکانی تر بووە، بەتایبەت وەرزێرەکان، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکەی بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بووە، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجی زایینیدا، بەهۆی ڕوداوە سیاسی و سەربازی وئابورییەکانەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لاواز بوبو، بۆیە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکیش لەپێناو بوژانەوەی دارایی و سەربازیی دەوڵەت ئەو چاکسازییانەی ئەنجامداوە، لەوەشدا بە شێوەیەکی کاتییش بێت لەسەردەمی خۆی ئەنجامی هەبوە و توانیی شکۆی دەرباری بنەماڵەی ساسانی بۆ شکۆمەندی بگێڕێتەوە.

شەشەم: بەدرێژایی مێژوی دەوڵەتی ساسانی، چەند پاشایەکی ساسانی بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان، چی بۆ گونجاندنی ئایدۆلۆجیای سیاسی یان بۆ لاوازکردنی مەزهەبێکی دیاریکراو، پاڵپشتی ئاینیان کردووە، وەک ئەوەی شاپوری یەکەم (٢٤١-٢٧٢ز) ئەنجامیدا و پاڵپشتی مانیزمی کرد، تەنانەت بۆ زەمینەخۆشکردنی پەیوەندیی دەرەکی، وەک ئەوەی یازدەگوردی یەکەم بە پێدانی ئازادی بە مەسیحییەکان ئەنجامیاندا. ئەو هەوڵەی قوبادی یەکەمیش دەچێتەوە ئەو خانەیەی کە بۆ بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ناوەندی دەربار، پاڵپشتی لە ئایینی مەزدەک کرد و دواتر خەسرەوی یەکەم بە هێنانەوەی ئایینی زەردەشتی دەیویست دەستەڵاتەکانی شاهانەی خۆی پێ قایم بکات.

## سەرچاوەکان


ابن الأثير، أبي الحسن بن ابي كرم محمد بن عبدالكريم الجزرى (ت١ ٦٣٠هـ١٢٣٢م)، (٢٠٠٤) الكامل في التاريخ، المجلد الأول، دار أحياء التراث العربي، بيروت.

الأصفهاني، أبو حمزة (دون تاريخ) تاريخ سني ملوك الأرض والانبياء عليهم السلام. (دون مكان)

باقر، تەها (٢٠١٨) سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانییە دێرینەکان،و :،عوسمان عەزیز عەلاف،کەماڵ نوری مەعروف، بەرگی دووەم، چاپخانەی تاران، لە بڵاوکراوەکانی جمال عیرفان، سلێمانی.

الثعالبي، ابو منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل (ت/ ٤٢٩ هـ /١٠٣٧م)، (١٩٦٣)، غرر أخبار ملوك فارسي وسيرهم، باهتمام زوتنبرك، باريس.

الدينوري، أبوحنيفة احمد بن داود (ت٢٨٤هـ/٨٩٤م) (١٩٧٠) الأخبار الطوال، قدم له ووثق نصوصة وضح حواشية، عصام محمد الحاج علي، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت.

الجاف، حسن كريم (٢٠٠٨) الوجيز في تأريخ ايران دراسة في التأريخ السياسي من التأريخ ،الأسطوري الى نهاية الطاهريين، الجزء الأول، الطبعة الثانية، مطبعة أراس ،أربيل .

جلال، كامران محمد (٢٠١٥) ململانێی دەسەڵات لە دەوڵەتی ساسانیدا (٢٢٤-٥٧٩)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی دوو، ژمارە ٤.

بەهزادی، ڕوقیە (٢٠١١) ئاریایی و نا ئاریاییەکان لەڕوانگەی کۆنی مێژوودا، و: فەرهاد خۆشناو، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

خنجي، امیر حسن (١٣٩٢ هـ.. ش) تاریخ ایران زمین از دورترین دوران تا سال 628 میلادی.

زنجاني، محمود (١٣٨٠ هـ.ش) تاريخ تمدن (ايران باستان)، ج2، آشتيانه كتاب، تهران.

الشواني، شادان أكبر أنور، (٢٠١٦) الصراعات الداخلية وأثرها في سقوط الدولة الساسانية، رسالة ماجستير، جامعة تكريت.

برشريعتي، بروانة (٢٠٢٠) اضمحلال الإمبراطورية الساسانية وسقوطها (التحالف الساساني-الفرثي والفتح العربي لإيران، تر: أنيس عبدالخالق محمود، قطر، المركز العربي للأبحاث.

العابد، موفيد رائف محمود (٢٠١٤) مێژووی دەوڵەتی ساسانی، و: عبداللە گەرمیانی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عرب، حسنعلي؛ صادقی ، حسین (١٣٩٢هـ.ش) **برآورد درآمدهای مالیاتی دولت ساسانی،** پژوهش نامه تاریخ، سال هشتم، شماره سی و دو،م.

الطبري، ابی جعفر محمد جریر ( ت/ ٣١٠هـ)، (١٩٩٧)، تأريخ الامم والملوك، الجزء الثاني، دارالكتب العلميه، بيروت.

الطوسي، نضام الملك (٤٠٨-٤٨٥ هـ)، (٢٠١٢) سير الملوك سياست نامه، ترجمة: يوسف بكار، عمان-لأردن، مطبعه السفير.

فرای، ر (١٣٨٣ هـ.ش) تاريخ سياسي ايران در دورەی ساسانيان، در: تاريخ ايران از سلوكيان تا فروباشی دولت ساسانيان، تهران، ج3، ق1.

کریستێنسێن، ئارتوور،(٢٠٠٦ز) ئێرانی سەردەمی ساسانیەکان، وەرگێر، وریا قانع،پاپخانەی شڤان،سلێمانی.

الكعبي، نصير (٢٠٢٠) تاريخ الدولة الساسانية، بيروت، الناشر المركز لأكاديمي للأبحاث.

کەلسومە، جەمیل (٢٠١٨) مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک، عێراق ،ئێران، وڵاتی شام، چاپی سێیەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

مجيد، كامران محمد جلال (٢٠١٠) الصراع الساساني الروماني على أرض الرافيدين العليا، أطروحة دكتورا، جامعة السليمانية.

مسكويه، أبي علي احمد بن يعقوب (ت٤٢١ هـ -١٠٣٠م)، (٢٠٠٣) تجارب الآمم وتعاقب الهمم، تحقيق سيد كسروى حسن ، دارالكتب العلمية، بيروت.

المقدسي، مطهر بن طاهر (ت/٨٥٤ هـ -١٤٤١م)، (٢٠١٠) البدء والتأريخ، نشره وعلق عليه، كليات هوار، قدم لهذه الطبعة، محمود اسماعيل، الطبعة الثانية، مطابع الهيئة المصرية العامة، القاهرة.

نراقی، حەسەن (٢٠١٤) پوختەی مێژووی ئێران لە ئاریاییەکانەوە تاکۆتایی هاتنی زنجیرە پاشایەتی پەهلەوی، وەرگێر: شەهرام عەبدوڵا، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

اليعقوبي، احمد بن اسحاق بن حعفر (١٩٩٩) تاريخ العقوبي، علق عليه ووضع له حواشيه، خليل المنصور، ج1، دارالكيب العلمية، بيروت.

Alessandro, Bausani (1962) The Persians from the earliest days to the twentieth century, trans. from the Italian by: J. B. Bonne, weatherbys printers G. c. Sansoni, Florence.

Daryaee, Touraj (2009) Sasanian Persia- The Rise and Fall of an Empire, I.B.Tauris, London.

Frye, R, N (1983) Sassanian political history ,in , The Cambridge History of Iran- Iran history From Seleukid to Sasanian, III, part I, E. yarshater (ed) (216-280), trans. H. Anoshe, Amirkabir, Tehran.

Gharles, Oman (1949) The Dark Ages (476-918), 6 the D, London.

Ghrishman, Roman (1954)Iran from the earliest time to Islamic Conquest, London.

Glenn E, Curtis and Eric hooglund (2008) Iran a country study , 5thed ,U office, washington.

Jacob, Jeena,(2020) formation of Empires , Centre for D historical studies, Jawahral Nehru university,New Delhi,n.d.

Jalal Majeed, K. M. . and Hussien, M. O. (2025) “Kharaj At the End of The Sassanid Era and The Beginnings of Islam: A comparative study”, KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES, 8(1), pp. 147–155.

doi:https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp147-155

P'arpec'i', Ghazar (1985) *History of the Armenians, Tr, from classic Armenian; Robert Bedrosian, (New York, part.3.*

Parvanesh Pourshariati (2008) decline and fall of the Sasanian Empire,the Sassanian -Parthian Confeders and the Arab Conquest of Iran,I,B.Tauris Colt, london.

Stylite, Joshua (1882)The Chronicle of Joshua Stylite, Book X, Tr. & Note. By: W. Wright, Cambridge.

Zeev, Rubin (1995) The Reformas of khusrow Anushirwan, in A veril cameron and lawrencel .Conrad(eds) The Byzantine and Early Islamic Near East lll, states, Resources and Armies, princetion.

## پەراویزەکان

i لە سەرچاوەکاندا بە هیاطلە یان هیپتالی ناسراون، بەشێک بون لە هۆزەکانی هون، کە لە تبتی چینەوە کۆچیان کردبو، لە دوای تێکشکانی کۆشانییەکان، لە خۆرهەڵاتەوە هێرشیان دەکردە سەر سنورەکانی ساسانی و دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرت، زنجانی: ص، ص١٠١، ١١٣.

ii سەرچاوەکان لەنێوان زورمیهر و سوخرادا تێکەڵییەکیان کردووە، زورمیهر کوڕی سوخرا بووە و دواتر ڕۆڵی هەبوە، نەک لەم ڕوداوانەدا. دەڕوانرێتە (بورشریعتی، ٢٠٢٠، ١٣٥).

iii بۆ هەڵسوکەوتی مەزدەکییەکان لەسەردەمی قوبادا، دەڕوانرێتە: زنجانی، ص ص ١٢٥-١٢٧.